بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە بە گوێرەی برگەی(١) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦ ی ساڵی ١٩٩٣ ) ی هەموار کراو لەبەر بەرژەوەندی گشتی و گەیشتنی دانیشتوانی شارۆچکەی بازیان لە سنووری شارەوانیەکانی سلێمانی بۆ ( ١٥٣١١) کەس بڕیارماندا بە :-

١. جێگیر کردنی پلەی شارەوانی بازیان بۆ پلەی ( ٢ ).
٢. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێ بەجێ دەکرێت.

**سمير عبدالله مصطفى**
**وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار**
**٢٠٠٩/١٢/٧**

---

## وەزارەتی دارایی و ئابوری

**ژمـــــــــارە : ١٦٩٣٣**
**ڕێکەوتی : ٢٠٠٩/١٢/٦**

### بەیان ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٩

بەپێی ماددەی چوارەم بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی دارایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ١٩٩٢ ، وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە بڕیارمان دا بە:-
**کردنەوەی بەنکی کشتوکاڵی شەقڵاوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنکی رافیدەین .**

**بایز سعيد محمد**
**وەزیـــری دارایی**

---

## وەزارەتی داد

### بەیان ژمارە ( ٩ ی ساڵی ٢٠٠٩

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ( ٣٩١٤ لە ٢٠٠٩/١٢/٢ ) و نیشانەی ڕاسپاردەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە-دەستەی ڕاوێژکاری هەمیشەیی ژمارە ( ٤٣٠ لە ٢٠٠٩/١١/٢٤) و پاڵپشت بە بڕگەی (٢) ماددەی (٩) یاسای وەزارەتی ژمارە ( ١٣ ی ساڵی ٢٠٠٧) و لەبەر گرنگی و زۆری ئیش و کارەکانی تێبینەرایەتی تۆمار کردنی خانووبەرەی هەڵەبجە ،
**بڕیارماندا بە گۆڕینی ناونیشانی و ئەرکی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەڵەبجە بۆ بەڕێوەبەرایەتی تۆمار کردنی خانووبەرە و ڕاسپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانووبەرە بۆ ئەنجام دانی کاری ئیداری و تەنزیمی و مالی و ڕێك خستنی میلاکی پێویست لەم بارەوە.**
**ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێ.**

**رؤوف رشــيد**
**وەزیری داد**